**زانكۆ: سەلاحەددین-هەولێر**

**كۆلێژ: پەروەردەی بنەڕەتی**

**بەش: زانستە كۆمەڵایەتیەكان**

**قۆناغ: یەكەم- كۆڕسی دووەم**

**بابەت: بنەماكانی پەروەردە**

**ناوی مامۆستا: ئەردەلان لەتیف عەبدولقادر**

**ساڵی خوێندن:** 2022-2023

# پەرتووكی كۆرس
Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی كۆرس | بنـەماكانی پـەروەردە، |
| 2. ناوی مامۆستای | ئەردەلان لەتیف عەبدولقادر |
| 3. بەش/ كۆلێژ | زانستە كۆمەڵایەتیەكان/ پەروەردەی بنەڕەتی |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: ardalan.abdulqader@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن 0750 456 12 91 |
| 5. سعات و یەكەی خوێندن لە هەفتەدا | 2 سعات<br>4 یەكە |
| 6. ژمارەی سعاتی كاركردن لە هەفتەیەک | 15 سعات |
| 7. كۆدی كۆرس | .. |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | • ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە زانستە كۆمەڵایەتیەكان بەدەستهێناوە لە كۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر.<br>• ساڵی ٢٠١١ بڕوانامەی ماستەر لە پەروەردەی كۆمەڵایەتی(Social Pedagogy)، بەدەستهێناوە لە كۆلیژی زانستە كۆمەڵایەتی و دەروونیەكان، زانكۆی پەروەردەیی حكومی خاركۆڤ-ئۆكڕاینا.<br>• ساڵی ٢٠١٢ دامەزراندن لە كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر.<br>• ساڵی ٢٠١٢ نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) لە زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر.<br>• ساڵی ٢٠٢٠ بڕوانامەی دكتۆرا لە پسپۆڕی سیاسەتی زانستە پەروەردەییەكان(pedagogical sciences policy)، بەدەستهێناوە لە كۆلێژی زانستە پەروەردەیی و دەروونیەكان، زانكۆی ئەریۆلی حكومی- ڕوسیای فیدڕاڵ.<br>• ساڵی ٢٠٢٠ نازناوی زانستی (مامۆستا) لە زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر.<br>• مامۆستا لە بەشی باخچەی منداڵان، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر. |
| 9. وشە سەرەكیەكان | چەمكی پەروەردە، فەلسەفەی پەروەردەیی، مێژووی پەروەردە، فێركردن، پێداگۆگیا، ڕۆشنبیری، كۆمەڵگا، خێزان، قوتابخانە، ڕاگەیاندن، دامەزراوە ئایینیەكان. |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

ئامانج لەم کۆڕسە ناساندن و باسکردنی پەروەردەیە بەشێوەیەکی گشتی؛ ڕیشەی زمانەوانی وشەی پەروەردە لە زمانی کوردی، عەرەبی و زمانە لاتینیەکان ڕوون دەکەینەوە، باس لە مێژووی پەروەردە و فێرکردن و پێداگۆگیا دەکەین لەگەڵ بۆچوونی بیرمەند و فەیلەسۆفان دەربارەی پەروەردەکردنی مرۆڤ و کاریگەری و کارلێکی پێگەیاندنی نێوان تاک و کۆمەڵگا، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی تیشک دەخەینە سەر مێژووی پەروەردە و فێرکردن لە شارستانیەتە دێرینەکان تا دەگات بە دۆخی ئێستای پەروەردە. باسی پەیوەندی نێوان پەروەردە و ڕۆشنبیری و پەروەردە و کۆمەڵگا دەکەین لەگەڵ خستنەڕووی ئەو لایەنانەی کارا و بەشدارن لە پەروەردەکردنی منداڵ و پێگەیاندنی نەوەی داهاتوو بۆ کۆمەڵگا و دەوڵەت. لە کۆتاییدا؛ لایەک دەکەینەوە لە دیارترین ڕابەرە پەروەردەییە جیهانیەکان، پوختەیەک لە تیۆر و بۆچوونەکانیان دەربارەی پەروەردە و فێرکردن باس دەکەین.

**11- ئامانەکان لەم کۆڕسە؛**

دەرچووانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە داهاتوودا پسپۆڕی وەردەگرن لە بەشی جیاواز بەمەبەستی ئامادەکردنیان وەکو مامۆستای قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی، بنەما و فەلسەفەی پەروەردەیی بە یەکێک لە بابەتە بنەڕەتیەکانی زانین و بەدەستهێنانی شارەزایی بۆ چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ دادەنرێ. چونکە بەهۆیەوە قوتابیان ئاشنای ڕێڕەوی مێژوویی و فەلسەفە و تیۆرەکانی پەروەردە دەبن.

**12. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

قوتابی بەڕێز؛ وەرگرتنی بابەتەکانی کۆڕسی بنەماکانی پەروەردە بە پابەندبوونی ئێوە لە ئامادەبوون و بەشداری لە چالاکیەکان، هەروەها بە زانیاری و سەرنجەکانی ئێوە دەبێتە هۆی:

1- گەشەکردنی لایەنی مەعریفی بەتایبەتی لەخوێندنەوە و بەدواداچوون بۆ سەرچاوەکانی مێژووی پەروەردە و فێرکردن، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێ لە ژیانی ڕۆژانە. چونکە پەروەردە هەمێکی گشتیە و پەیوەستە بە هەمووان.

2- لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە دەتوانی سوود وەرگری، ئەگەر حەزی بەدواداچوونی خۆت تەریب بکەی لەگەڵ سەرچاوەکانی فەلسەفەی پەروەردەیی. هەم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خودیەتی خۆت و چۆنیەتی ڕووانینت بۆ ژیان بەشێوەیێکی گشتی و بۆ داهاتوو بە تایبەتی، هەمیش بنەماکانی پەروەردە یارمەتی زووتر تێگەیشتن دەدات لە زانینی پەیوەندی نێوان ڕووداوەکانی ئێستای کۆمەڵگا و ناسینەوەی میتۆد و شێوازەکانی پەروەردە.

3- لە ڕووی پسپۆڕیەوە وەک مامۆستایێک لە داهاتوو، بنەماکانی پەروەردە و فێرکردن هۆکارێکی سەرەکی دەبن بۆ چۆنیەتی ڕێکخستنی کاری پیشەیی و چۆنیەتی ئاراستەکردنی منداڵ(نەوەی داهاتوو) کە چ کەسایەتێکی بۆ دروستببێ و چ ڕۆڵێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و خودی خۆی بگێڕێ.

**13. لیستی سەرچاوە؛**


1.هیفا ابو غزاله؛ مدخل الی التربیه، ط3-عمان 1986

2.عمر احمد همشری؛ مدخل الی التربیه، ط1-عمان 2001

3.عبدالله الرشدان؛ المدخل الی التربیه و التعلیم، ط2-عمان 1996

4. ئیبراهیم ناصر؛ زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی، و. دانا نادر، چ1-هەڵەبجە 2013

5.عەلی ئەکبەر میهر ئارا؛ مێژووی پەروەردە و فێرکردن، و. قادر وریا، چ1-سلێمانی 2005

6.یوسف عوسمان حەمەد؛ تیۆرەکانی پەروەردە و فێرکردن، چ1-هەولێر 2005

**14. پێڕستی بابەتەکانی کۆڕس؛**

- **مرۆڤ بوونێکی پەروەردەییە،**
- **چەمکی پەروەردە،**
- **ڕیشەی زمانەوانی وشەی پەروەردە،**
- **ڕیشەی فەلسەفی زاراوەی پەروەردە،**
- **فەلسەفەی پەروەردەیی،**
- **پەروەردە چیە؟،**
- **ئامانجی پەروەردە،**
- **پێویستی پەروەردە،**
- **ڕێگاکانی پەروەردە،**
- **پەروەردە و فێرکردن،**
- **پەروەردە و پێداگۆگیا،**
- **پەروەردە لە مێژوودا،**
- **پەروەردە لە کۆمەڵگا دێرینەکان[چین، هیند، میسۆپۆتامیا، میسر، یۆنان، ڕۆما]،**
- **پەروەردەی مەسیحی،**
- **پەروەردەی ئیسلامی،**
- **پەروەردە لە سەدەی بیست،**
- **پەروەردە و کۆمەڵگا**
- **پەروەردە و ڕۆشنبیری،**
- **ناوەندە پەروەردەییەکان[خێزان، قوتابخانە، ڕاگەیاندن، پەرستگا]،**
- **ڕابەرانی پەروەردەی جیهانی؛**
  - **کۆنفۆشیۆس**
  - **ئەبو حامدی غەزالی**
  - **جان جاک ڕۆسۆ**
  - **جۆن لۆک**
  - **پاستالۆزی**
  - **جۆن دیۆی**
  - **ماکەرێنکە**

**15. بابەتی پراکتیک؛**

هەوڵدەدەین لە کاتی وانەوتنەوەدا بە هێنانەوەی نموونەی زیندوو لە ژیانی ڕۆژانە و ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆمانەوە بابەتەکان ڕوونتر و دەوڵەمەند بکەین بەمەبەستی زیاتر تێگەیشتن. هەروەها بەپێی کات دەرفەت بە قوتابیان دەدرێ کە بابەتی ڕۆژ بە شێوەێکی زانستی بخەنەڕوو بۆ زیاتر فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە و ئەزموونکردنی بابەتە پەروەردەیی و دەروونیەکان.

**16. ڕێگا و شێوازی وانەوتنەوە؛**

1. ڕێگای وانەی ئامادەکراو.
2. ڕێگای پرسیار و وەڵام.
3. ڕێگای گفتوگۆ.

**17. سیستەمی هەڵسەنگاندن؛**

یەکەم: (40%) نمرەی کۆشسی کۆڕس؛

1. 20% تاقیکردنەوەی یەکەم
2. 20% تاقیکردنەوەی یەکەم

دووەم: (60%)نمرەی کۆتایی کۆڕس.

**18. تاقیکردنەوەکان؛**

1. **پرسیاری وتاری**، وەک؛ ناساندن، باسکردن، شیکردنەوە. بۆنموونە؛

- چەمکی(پەروەردە، فێرکردن) بناسێنە؟
- باس لە شێوازی پەروەردەی بەمەبەست بکە؟

2. **پرسیاری بابەتی**، وەک؛ هەڵبژاردن، بۆشایی، ڕاست و هەڵە. بۆنموونە؛

- ئایا مرۆڤ بەهۆی پەروەردەوە فێرە زمان و گۆکردن دەبێت. ڕاستە؟
- گرنگترین ناوەندی پەروەردەیی و فێرکاری ..........ە .

[خێزان، پەرستگا، ڕاگەیاندن، قوتابخانە، ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی]